# کوردێکی کلاوشین لە کۆنگۆ. . !

نورەدین سەعید وەیسی
nuradinwaisi@hotmail.com

ئەگەر بەیانی کوردێکی هەورامی تەلەفۆنێکم بۆ بکا و پێم بڵێ(برا لە، وەشەنی خاسەنی من لە کۆماری تەنزانیا و بۆرکینا فاسۆوە تەلەفۆنت بۆ دەکەم) ئەوە بەخۆم نییە مەجبوورم باوەڕبکەم و بەگەرمیش وەلامی بدەمەوە، ئاخر کە چەند رۆژێک لەمەوبەر دوای بلاوبوونەوەی وتارێکم لەژێر ناونیشانی (لە مۆریتانیاوە بۆ تەوێلە و بیارە) سەیری ئیمێلەکەم کرد، سەرم سوڕما کەبینم نامەیەکم بە زمانی شیرینی کوردی لە نزیک موریتانیا و بەوردیش لە کینشاسای پایتەختیکۆنگۆوە لە لایەن برای بەڕێز کاک فەخرەدین گەرمیانییەوە بۆ هاتبوو، هەربۆیەش هەقە ئێستا بڵێم بەراستی کورد تەیرێکی بێ باڵە . !

کاک فەخرەدین بە حوکمی کارەکەیەوە لە UN کە چواردە ساڵە لەو رێکخراوە کاردەکات و ئێستاش بەرێوەبەری بەشی لۆجستیکی نەتەوە یەکگرتووەکانە لە کۆنگۆ، تا ئێستا سەردانی چەندین ولاتی کردووەو جار جارەش سەر لەمۆریتانیا دەدات، هەر بۆیەش بە سوپاسەوە کۆمەڵێک زانیاری بە نرخی لە بارەی مۆریتانیاوە پێ بەخشیم، کە ئەگەرچیلە رووی ئابوورییەوە هەژارە، بەلام لە بواری شۆڕشی تەکنەلۆژیا و گەیاندندا، پێشکەوتنەکەی زۆر جێگەی سەرنجە .

جێگەی خۆشحاڵیشە کە برای گەرمیانی وێڕای دووریشی لە کوردستان و سەرقاڵی زۆریشی بەکارەکەیەوە، بەلام وەک خۆی دەڵێت:(دڵنیات دەکەم کە نەدووریم و نەکارەکەم لەUN ، هەرگیز کوردستانیان لەبیر نەبردوومەتەوە، بەڵکو لە هەرجێگە و ولاتێک کارم کردبێت .هەوڵمداوە هاوکارەکانم و خەڵکی ئەو ولاتانە لەپرسی رەوای نەتەوەکەم ئاگاداربکەمەوە) ئەمە سەرەرای نووسینەکانی لە رۆژنامەکانی ئوسترالیا و رۆژنامە ئەوروپییەکاندا .

من ئێستا بیرلەوە دەکەمەوە کە دەبێ چەند فەخرەدین و شەمسەدین و قوتبەدینیدیکەش هەبن لەم سەر زەمینە پان و بەرینەدا، بەهێمنی و بێ دەنگی خەمی زیاتر ناساندنی دۆزی رەوای میللەتە ژێر دەستەکەیان هەبێ و دۆلارو پلەو پایە ئەوخەمەی لەبیر نەبردبێتەوە .؟